کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7-8-2007 1:49

## نەوتەکەی فانوس بە ئاو دەرچوو ... ڕزگار حەساری

لە نیوەی دووەمی مانگی تەمووزدا، سۆمای دییە کەم حوکمەکانی شارە بێ نازو هەردەم بریندارەکەی قودس و دڵی کوردستان، بە ریکلام و پروپاگەندە کردن بۆ "فانوس" برێك ڕۆناکی تێ کەوتەوە، ئێمەی کەرکووکیش خۆشحاڵ بووین بەوەی کە بازرگانە "نیشتمانپەروەرو دڵسۆزەکان"! هەر لە ئاوەدانکردنەوەی شارەکانی هەرێمی کوردستان نین، ئەوەتا دەستی خزمەتگوزارییان گەیشتە شارە بێ کەسەکەی کەرکووك و وێنەی ئاریافۆن-ی هەولێرو مێدیاتلیکۆم-ی سلێمانی، "فانۆسیشیان"یش پێشکەش بە هاووڵاتیانی کەرکووکی هەردەم هاوڕێی مەرگ، کرد. ماوەیەکیش ڕادیۆی نەوا پەیتا پەیتا کەوتە شاباش کردن بە شان و باڵی فانۆس و مەودای دووری ڕۆشناییەکەی و کۆمەڵێك خزمەتگوزاری تر کە لە سەرووی هەموویانەوە زوو زوو دەیگوت: (تا 45 ڕۆژ هەموو پەیوەندییەکت بە خۆڕاییە) !!

هاووڵاتیانی کەرکووکیش زۆر بە شەوق و زەوقەوە ڕوویان لە کۆمپانیای ناوبراوو وەکیلەکانیان کرد بە مەبەستی وەدەست هێنانی هێڵێکی فانۆس بۆ پەیوەندی کردن.

هەڵبەتە بەندەش وەکو ئەو (نەدی و بدی) یەی کە کوڕێکی بوو لە جیاتی ناوکی (... ) بڕی، جگە لەوەی بۆ خۆم هێڵێکم کڕی و تەلەفۆنیشم بۆ زۆربەی دۆست و برادەرانم کرد و داوام لێکردن کە "فانۆس" زۆر بە شەوقەو چەشنی ئاریای هەولێرو میدیای سلێمانییە و ئامێرێکی زۆر بەسوودەو لە ئاسیاسێل و هاوشێوەکانی لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە باشترەو هەرچی زووترە هێڵێك بۆ خۆیان دابین بکەن، هەموو ئەو پڕوپاگەندەو محامی کردنەشم بۆ فانۆس لەهەمبەر ئەوە بوو پێشووتر لە هەولێر ئاریا فۆنم هەبوو و تا ڕادەیەکی زۆریش هاووڵاتیان لە ڕاستگۆیی کۆمپانیاکەو جۆری خزمەتگوزارییەکانی قایل بوون. وەلێ زۆری نەبرد کۆمپانیای ناوبراو، پروپاگەندەی من و ڕادیۆی نەواشیان بە موبالەغەو دوور لە ڕاست دەرخست! ڕەنگە منێك تەنها لای چەند دۆست و ئەحبابێك بناسرێم، وەلێ ڕادیۆی نەوا ئەمڕۆ بە ڕاستگۆترین دەزگای ڕاگەیاندن لە کوردستان ناسراوە، قورسە تۆ ئەمڕۆ ریکلامێکی لەسەر بابەتێك بدەیتێ و بەیانی لێی پەشێوان بیتەوە!.

ڕۆژی 7/24 چوم ئامێرێك بکڕم، پێش کڕینی بە فەرمانبەرانی کۆمپانیاکەم گوت:

- بێ زەحمەت مواسەفاتی ئەم فانوسە چییە؟

+ ئەویش خوا هەڵناگرێ پێدا هاتە خوارەوەو هەرچی مواسەفاتی بەرزی "لالەو لۆکس" هەبوو تێکڕای لە باڵای "زارفی!" فانۆسەکە کۆکردەوەو خێرا خێراش دەیگوت تا (45) ڕۆژ بە خۆڕاییە!.

- دووبارە پێم گوتەوە برالە، من ماڵم لە ناو شاری کەرکووك نیە، ماڵم لە (دێ) ی حەساری گەورەیە کە (20) کیلومەتر لە کەرکووکەوە دوورە، بیکڕم دەتوانم بەکاری بێنم.

+ وەڵامی دامەوە: لە کوێ شەبەکەی ئاسیا هەبێت (فانۆس) یش شەبەکەی هەس.

دەی منیش ناو خوام لێ هێناو هێڵەکەم کڕی هاتمەوە ماڵێ. بەڵام هەر چەندم کرد نەمتوانی یەك پەیوەندی پێ بکەم، چون بە هیچ جۆرێ شەبەکە نەبوو، ئەمە لە کاتێکدایە کە تاوەری شەبەکەی ئاسیا زۆر نزیکمانە، بە هەر حاڵ بۆ چەند جارێ لە جێگەیەکی بەرز توانیم پەیوەندی بکەم دواتر ئەوەش نەما، هەر دەتەوێ زەنگ بۆ کەسێك بکەی یەکڕاست (مشغول) دەردەچێ!!.

ڕۆژی 07/8/2 واتە تەنها (10) دانە ڕۆژ بەسەر کڕینی فانۆسەکەم تێپەڕی وەختێ لەسەر بانەوە ویستم تەلەفۆنێ بکەم لەپڕ گوتی: (وەحدەت نەماوە، بۆ پڕ کردنی ژمارە فلان و فلان لێدەو ژمارەی نهێنی داخل بکە) ! لە کاتێکدا ئەوان (مەبەستم کۆمپانیای فانۆس) ە، بەڵێنی (45) ڕۆژیان بە هاووڵاتیان دابوو!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7-8-2007 1:49

دەربارەی (باتری) ئامێرەکەش ئەوە دەبێ ڕۆژی چەند جارێك شەحنی بکەیتەوە، ئەمە لە حاڵێکدا، شکور کەس پەیوەندیم پێوە ناکا، ئەگەرنا ئەوە دەبێ مولیدەیەکی تایبەت بۆ شحن کردنەوەی (پاتری) یەکە دابنێم.
حەز دەکەم کۆمپانیای فانوستلیکۆم لەوە ئاگادار بکەمەوە کە کاتی خۆی لە هەولێر (ئاریافۆن) دابەش کرا، بۆ ئەوانەی دانیشتووی ناو شاری هەولێر نەبوون لەگەڵ هەر ئامێرێك (ئەریەل) ێکی خارجی-یان دەداو ئەوجا لە دوورترین شوێنەوە بە ئاسانی دەتتوانی پەیوەندی بکەیت.
لە کۆتاییدا دەڵێم حەق وابوو هەموو ئیش و کاری فانوس-تان ڕێك بخستایە ئەوجا ریکلامتان بۆ بکردایە، بەڕاست بەڵێندان ئەوەندە سانایە تا ئاوا زوو لێی پەشیمان ببنەوە؟! هەروا داوا دەکەم باری سەر شانی هاووڵاتیانی کەرکووك زۆر قورسەو پێویستمان بە فریادڕەسێك هەیەو دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکا، نەك ئێوەش بێن وەك بەنزین فرۆش و غاز فرۆش و هەموو فرۆشەکانی تر، ببنە سەر بارو ئەوەنەی تر پشتمان بشکێنن. هیوامان زۆر بە تروسکەی فانۆسەکەتان بوو، وەلێ لەگەڵ کزی ڕۆشناییەکەی ئەو ئومێدەشمان وردە وردە روو لە نشێو ملی نا.
بە هیوای ئەوەی من هەڵە بم و فانۆسەکەتان ڕۆشنایی هەبێ.. !!!

2007/8/4

گوندی حەساری گەورە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.